



# هەڵسەنگاندنێک بۆ کۆچیرۆکی (شەڕی ناو کتێبخانەکەم)

سابیر ڕەشید

کۆچیرۆکی (شەڕی ناو کتێبخانەکەم) کە کۆبەرهەمی چیرۆکەکانی چیرۆک و ڕۆماننووس (باهۆز مستەفا)یە، هەندێکیان کورتە چیرۆکن و هەندێکی تریشیان کورتیلە چیرۆکن.

هەندێک لەم کورتە چیرۆکانە، بە قەبارە، درێژ و کورتییان بە یەک پارچە نووسراون، وەکوو چیرۆکەکانی: شەڕی ناو کتێبخانەکەم، پۆرترێتی نووسەرێک، قاوەخانەی بەلزاک، بزنس، خەڵات قەدەغەیە... تاد.

هەندێک کورتە چیرۆکیشی بریتییە لە چەند بەشێک، یان چەند کورتیلە چیرۆکێک کە لە ژێر ناوونیشانێکدا کۆی کردوونەتەوە، هەندێکیان هەم ژمارە و هەمیش ناوونیشانی لاوەکی بۆ داناون، بۆ نموونە کورتە چیرۆکی (چیرۆکەکانی دوکتۆر)، لە بەشی یەکەم و سێیەمدا تەنیا ژمارەی بۆ داناون، بەڵام لە بەشی دووەمیدا هەم ژمارە و هەمیش ناوونیشانی (هۆتێل لیندنە)ی بۆ داناوە. هەیشە کورتیلە چیرۆکەکەی هەر بە ژمارە داناوە، بەڵام ژمارەکەی بە نووسین نووسیوە، بۆ نموونە لە چیرۆکی (شارەوانی و شێتبوون)دا بە نووسین نووسیویەتی: یەکەم، دووەم، سێیەم.

لە کورتە چیرۆکی (ئەتەکێت)دا، کە بریتییە لە (١٢) بەش، یان کورتیلە چیرۆک و هەمووشیان ناوێکی هاوبەشیان بۆ دانراوە کە (ئەتەکێت)ـە، هەمووشیان بابەتێک کە ئەتەکێتی ژیان و ئەتەکێتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەموو جۆرە ئەتەکێتەکانە، کە چیرۆکنووس (١٢) حاڵەتی بۆ داناون، هەمووشیان بە ژمارە (١ تا ١٢) ژمارەی بۆ داناون، تەنیا بەشی، یان ئەتەکێتی، یان کورتیلە چیرۆکی شەشەم نەبێت کە هەم ژمارە و هەمیش ناوونیشانی (سووپی زانست)ی بۆ داناوە.

لە ڕووی داڕشتنەوە هەندێک لەم چیرۆکانە چیرۆکی ڕیالیزمین و بریتین لە بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و چیرۆکی ڕۆژانەی ئاسایی و کێشەکانی ناو خێزان و کۆمەڵگەی کوردەواری، هەیشە چیرۆکی تەنز ئامێزن، یانیش تەواو تەنزە چیرۆکن، کە ئەوانە ژمارەیان زیاترە، ئەوجا چ کورتە چیرۆکەکان و چ کورتیلەکان دەچنە خانەی چیرۆکی تەنزەوە. هەشیانە لەم کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکانە، چیرۆکی خەیاڵین، یان ناوەڕۆکیان فانتازیا ئامێزە و لە خەیاڵدانی چیرۆکنووسەوە دروست کراون و بە مەبەستی بەدیارخستنی مانا و دەلالەتێک نووسراون، لە ناو ئەمانەشدا چیرۆکی خەیاڵی زانستیش هەیە.

کورتە چیرۆکەکان و کورتیلە چیرۆکەکان وەکوو چۆن لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە لەگەڵ یەکتر جیاوازن، لە ڕووی قەبارە و (ژمارەی وشە)وەش لێکتر جیان، بۆ نموونە کورتترین کورتیلە چیرۆک (زنجیرە خەون)ـە کە تەنیا دوو ڕستەیە و بریتییە لە (١٧) وشە، ئەمەش دەچێتە خانەی لە کورتیلە چیرۆکیش کورتتر کە من لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی چیرۆکدا ناوم ناوە (مینیماڵە چیرۆک). درێژترین کورتە چیرۆکەکانیش، کورتە چیرۆکی (ئایدن)ە کە (٢٢) لاپەڕەی کتێبەکەیە.

لە هەندێک کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکەکاندا (پارادۆکس)ێک هەیە، واتە خوێنەر بەلایەکدا دەبرێ، کە داینراوە کۆتاییەکەی بەو جۆرە بێت کە ئەو بیری بۆ دەچێ، کەچی لە کۆتایی دەقەکەدا چیرۆکنووس بەلایەکی تریدا دەبات، یانیش کۆتاییەکەی شتێکی تری چاوەڕوان نەکراوە.

هەندێک لەم کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکانە، ناوەڕۆکیان کۆمەڵایەتییە و بریتین لە ڕووداو، یان سەرهات، یانیش چیرۆکی واقیعی خەڵک، بەتایبەتیش نووسەر و ڕۆشنبیران.

هەندێکی تریشیان ناوەڕۆکیان بریتییە لە بابەتی فەلسەفی و هزری و گفتوگۆی نێوان ڕۆشنبیر و نووسەرانن، بەتایبەتیش ڕەنگدانەوەی هزریی نووسەر و گەڕانی بە ناو وڵاتانی دنیا و خوێندنەوە و دەرکەوتەکانی ناو کتێبەکانی، چ لەگەڵ خودی خۆی و چ دیالۆگی نێوان کەسێتی چیرۆکەکانی، بۆ نموونە لە کورتە چیرۆکی (قاوەخانەی بەلزاک)دا کە قاوەخانەیەکی کولتووری و جێی دانیشتنی نووسەر و ڕۆشنبیرانە لە (بەرلین)ی ئەڵمانیادا، کەسی سەرەکی چیرۆکەکە ڕوودەکاتە ئەو قاوەخانەیە، بەڵام جێی نییە دانیشێ، تا لە مێزێکدا دوای وەرگرتنی مۆڵەت لەگەڵ سێ کەسی تر دادەنیشێ. لێی دەپرسن خەڵکی کوێیت؟ ئەویش دەڵێ: کوردم. کەسێک لەو سێ کەسە کە ڕیشدارە، بابەتی زەردەشت و کاریگەریی نیتشە بە زەردەشت و کورد دەکاتە گفتوگۆی سەر مێزەکە، ئەوجا هەر لەم گفتوگۆیەدا گفتوگۆ و تەوەری چیرۆکەکە، لە فەلسەفەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەر ئایین و کەسێکی تری سەر مێزەکە، کە پرچ لوولێکی خەپەیە، بە تەوسەوە بە کوردەکە دەڵێ: (ئێوە نە توانیتان سوود لە زەردەشت وەرگرن، نە لە ئیسلام، خۆتان پێدا شۆڕ کردووەتەوە... تاد. ل ١٨ی شەڕی ناو کتێبخانەکەم).

لەم گفتوگۆیەدا ئەوە بەدەردەکەوێ کە ئەورووپاییەکان و بە تایبەتیش خەڵکی ئەڵمانیا موسڵمانبوونی کوردییان بە تەگەرەی بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی کوردی زانیوە و هەر ئەم ئایینەشیان بە سەرچاوەی ئەنفالکردن و جینۆسایدکردنی کورد لە مێژوودا زانیوە.

ئەوجا گفتوگۆی قەشەیەک دێتە ناو چیرۆکەکە،

کە چۆن ئەوان لە (مارتن لۆتەرەوە) فێر بوونە کە دین و دەوڵەت لێکتر جیا بکەنەوە و ڕێگە نەدەن بە ناوی ئایینەوە ئازادییان لێ زەوت بکرێ.

ئەوجا دێتە سەر مەسەلەی (مارکس) و (بتهۆڤن) و (هیتلەر) و بە تەوسەوەش وەک چیرۆکێکی تێکەڵ لە تەنز و ڕیالیزمی کەسێتییەکی تری ئەڵمانی بە ناوی لۆدڤیش وەها چارەنووسی نەبوونی نەتەوەیەکی چل ملیۆنی وەک کورد لێک دەداتەوە و ئۆباڵی ئەمەش دەخاتە ئەستۆی کوردەوە و دەڵێ: (نەتەوە چل ملیۆنەکە ئەوەی تا ئێستا دەوڵەتیان نییە؟ ئەوانەی قسە بە نەتەوەکەی خۆیان دەڵێن؟ ئەوانەی پارەیان پێ لە خاک و نەتەوە گرنگترە؟ ئەوانەی ڕقیان لە ئاواز و گۆرانی خۆیانە و گوێ لە گۆرانییە دزراوەکانیان دەگرن، ئەوانەی دەڵێن خاوەن ئیمپراتۆریەتی گەورە بوونە؟ پەکوو تاقەتی قاوە خواردنەوەم نەما، بانگی بۆیەکەی کرد: کاکە گلاسێک شەڕابم بۆ بینە، کار لە قەناعەت بکە سەرم هێشا!

زۆر تووڕە بووم، گوتم: ئێوە کێن و لە چی دەزانن ئەوها بە کەیفی خۆتان قسە دەکەن و سووکایەتیمان پێ دەکەن، ئێمە هەر چوار دەورەمان دوژمنە، هێشتا لە ژیاندا ماوین!... تاد ل٢٠).

ئەوجا پیشنەکە ئۆباڵ دەخاتە ئەستۆی کورد و نموونەی وڵاتانی وەک: دانیمارک، لۆکسمبۆرگ، بەلجیکا، هۆڵەندا بۆ کوردەکە دەهێنێتەوە، کە ژمارەی دانیشتوانیان کەمتر و وڵاتیشیان بچووکترە لە کوردستان، بەڵام بوونەتە دەوڵەت.

چیرۆکنووس لەم چیرۆکەیدا فەلسەفە و جیهانبینی دەقەکەمان بە شێوەیەکی تەنزئامێز بۆ دەردەخات و دەیەوێ پێمان بڵێ: بیروڕای ئەورووپا بۆ کورد بەگشتی وەهایە، کە خۆی وەها چارەنووسی خۆی هەڵبژاردووە و هۆکارەکانی سیاسی و ئایینی و دواکەوتوویی خۆیانن کە هەوڵیان نەداوە، دروستبوونی دەوڵەتیش بە ئیرادە و هێز و پێداگری و ئاستی هۆشیاریی نەتەوەکە دیاری دەکرێت، بۆیە بەلای ئەورووپادا ئەگەر کورد خۆی لەبار نەبێت، ئەوان ناتوانن دەوڵەتی بۆ دامەزرێنن، ئەوە کوردە دەبێ خۆی هەبێت و بتوانێ.

ئەگەرچی ئەم چیرۆکە، تەنزئامێز و واقیعییە، بەڵام چیرۆکێکی هزری و فەلسەفییە و زۆر بە جوانی هزر و ڕۆشنبیریی چیرۆکنووسی تێدا بەرجەستە کراوە و بە چیرۆکێکی هزری دادەنرێت، چونکە هەڵگری پەیامی نەتەوەیی و ڕەخنەی سیاسییە لە میللەتەکەی خۆی.

لە کورتیلە چیرۆکی (ئەرێوەڵڵا دیتی، سبەی یەکەم ڕۆژی جەژنە)یشدا، چیرۆکنووس بە شێوەیەکی تەنزئامێز پارادۆکسێکمان نیشان دەدات، کە لە نێوان دیالۆگی دوو کەسدا یەکێکیان دەڵێ: (ئەرێوەڵڵا دیتم!)، ئەوەی تر وادەزانێ مانگی دیوە، تا ببنە شاهێد بۆ بوونی سبەی بە جەژن، کەچی ئەو کوڕە دراوسێکەیانی دیوە کە مەسیحییە و شوێنەکەش عەنکاوەیە، ئەو دراوسێیەیان لە باخچەی ماڵەکەی دانیشتووە و مێزی ڕازاندۆتەوە. لە کۆتایی کورتیلە چیرۆکەکەدا ڕەگەزپەرستی و توندڕەوی ئایینی بەدیار دەخات، کە کوڕە موسڵمانەکە، گلەیی لە حکوومەت دەکات، بۆچی زێدە لەم هەموو شوێنە ئێرەی پێداوە کە عەنکاوەیە و دانیشتووانەکەیشی مەسیحین، کەچی ئەو گلەیی لە ئیسلام دەکات، کە گەیشتبووە بنی دنیایێ، بۆچی ئەو کەمە کریستیانانەی لە کۆڵ ئەوان نەکردووەتەوە، دواییش دان بەوەدا دەنێ کە ئەو شوێنە پێش ئەوەی بچێتە ئەوێ شوێنی ئەو، واتە مەسیحییەکان بووە، ئەمەش لە دەقێکی

کورتیلە چیرۆکدا بەدیارخستنی فەلسەفە و جیهانبینی دەقەکەیە و لەم کورتیلە چیرۆکەدا چیرۆکنووس بە جوانی ئەو مەغزا و ڕقە ئایینییەی نیشان داوە.

زۆربەی چیرۆکەکان، چ کورت و چ کورتیلە، چیرۆکی واقیعین و ناوەڕۆکیان (کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونی)یە و دەچنە خانەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە و بە شێوەی تەنز نووسراون، یانیش تێکەڵاون لە ڕیالیزمی و تەنز، هەمووشیان مەبەستی چیرۆکنووس بەدیار دەخەن. زۆربەشیان وەکوو ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە، ڕەخنە و توانجن لە کۆمەڵ و کەسان و دواکەوتوویی و تێکەڵی خەون و خۆزگەکانی چیرۆکنووس بوونە و ئاواتی بەرەوپێش چوون و داهاتووی میللەتەکەمان نیشان دەدەن.

**هەندێکیش لەم دەقانە خەیاڵین. ئەمانیش دەبنە دوو جۆر:**

**یەکەم:** خەیاڵئامێزیی بە مەبەستی جوانکاری و تەکنیک و شاردنەوەی ئەودیوی دەق، بۆ نموونە لە کورتیلە چیرۆکی (فڕین)دا خەیاڵی چیرۆکنووس وەها بەرز دەبێتەوە و بەرز دەفڕێ، ئێمەی خوێنەریش هەست بەوە دەکەین، کە لەگەڵ خەیاڵی ئەودا، ئێمەش تێکەڵی ئەم خەیاڵە خۆشە دەبین و دەگەینە مانای شاراوەی دەقەکە، کە ئەوە مرۆڤی کوردە هەمیشە ئاواتەکانی نایەنەدی، مەگەر بە خەیاڵ، ئەویش ئەم خەیاڵانەی ئەوەندە زۆر و گەورە و بەرزەفڕن نایەنەدی، بۆیە خۆیشی لەگەڵیدا لەگەڵ ئەم باڵندانەی سەیری دەکات دەفڕێ، بەڵام کە نایەنە دی ناگەڕێتەوە، وەک لەم کورتیلە چیرۆکەدا دەڵێ: (هەموو ڕۆژێ لە باڵکۆنەکە سەیری باڵندەکانم دەکرد، چەند بە خۆشی و ئازادانە بەسەر ئەم شارە دەسووڕانەوە، زۆر حەزم دەکرد، یەک جار وەک ئەوان بمتوانیبا بفڕم، بەیانییەک هاتمە باڵکۆنەکە، خۆشبەختانە توانیم بفڕم، بەڵام ئەوەندە بەرز فڕیم، ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەمتوانی بگەڕێمەوە) (ل٢٥٩ شەڕی ناو کتێبخانەکەم).

**دووەم:** لە هەندێک چیرۆکی تریدا چیرۆکنووس، چ لە ناو کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکە واقیعییەکانیدا، بۆ مەبەستی مانا و تەکنیک و جوانکاری دیمەنێک، یان چەند دیمەنێک، خەیاڵی زانستی تێکەڵ کردووە، هەیشە کورتە چیرۆکەکە، یان کورتیلەکە سەرتاپای خەیاڵی زانستییە و بە مەبەستی بەدەرخستنی فەلسەفە و جیهانبینی دەقەکە نووسراوە، بۆ نموونە کورتە چیرۆکی (کۆلۆمبۆ)، کە دەقێکی واقیعییە، بەڵام کەسی سەرەکی چیرۆکەکە وەکوو چیرۆکێکی خەیاڵی زانستی، کە لێرەدا پێچەوانەی زەمەنەکە کە چیرۆکی خەیاڵی زانستی زەمەن تێیدا داهاتووە، ئەو لەم چیرۆکەدا زەمەنەکەی کردووەتە ڕابوردوو، کە دوای (٣٧) ساڵ لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێر لە کۆلۆمبۆوە دەگەڕێتەوە شارەکەی خۆی، تەماشا دەکات نەک هەر شارەکە، بەڵکوو هەمووی گۆڕاوە، تەنانەت دانیشتووانی شارەکەش گۆڕاون و خەڵکی بیانی بوونەتە جێنشینی شارەکە. هەموو شتێک لەم شارەدا بووەتە ئامێر و تەکنۆلۆجیا جێی هەموو شتێکی جارانی گرتووەتەوە، تەنانەت کەسوکاری خۆیشی لەگەڵ خەڵکی تری شارەکە بردراون بۆ سریلانکا، ئەویش لەبەر ئەوەی خەڵکی شارەکە نەماوە و نامۆیە و دەست لە کاروباری دەسەڵاتدارانی شار وەردەدا، دەیبەن بۆ گرتووخانە.

ئەم چیرۆکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێما و خەیاڵی زانستییەوە، دەلالەتی ئەودیوی، یان پشتەوەی دیوە شاردراوەی دەقەکە کە دەرخەری

فەلسـەفە و جیهانبینـی دەقـە دەداتـە خوێنـەر، کـە ئەگەرچـی زەمـەن، وەک ڕابـوردوو نیشـان دراوە، بـەڵام چیرۆکنـووس مەبەسـتی پێشـبینی داهاتـووی وڵات و شـارەکەیەتی کـە داهاتوویەکـی پێشـبینیکراوی ڕەش پێشـبینی دەکات.

لـە کورتـە چیرۆکـی (بزنـس، زمانـی کـوردی لـە سـاڵی ٢٠٤٣)دا چیرۆکنـووس بـە شـێوەیەکی تەنزئامێـز، بـە هەنجەتـی گێڕانـەوەی چیرۆکـی بزنسـمانێک، کـە نـاوی ئالانـە، پێشـبینی گۆڕانـی، یـان تێکەڵاوبوونـی وشـەی زۆری بێگانـە، بـە تایبەتیـش زمانـی ئینگلیـزی دەکات کـە لـە نووسـینی کوردیـدا بەکاردەهێنـرێ، بـۆ نموونـە لەم کورتـە چیرۆکـەدا ئـەم وشـە بیانییانـە دەبینرێـن: سکنداڵ، سـینگڵ، پرایڤێتی، سپێشـەڵ، سترێس، ئیکۆنۆمـی، فاوەندیشـن، یۆنیڤێرسـتی، پرۆجێکتی، لیڤلـی، سـتییەکان، جۆینـت، بزنـس، پۆزەتیـڤ، ئۆکـەی، سـمارت، گێڵفرێنـد، پرۆبلێـم، درگـس، ئۆپشـن، سەپۆرت، ئینشـۆرێنس، پارتنـەر، فریـی، سیچیوێیشـەن، دیفیکالـت، ریسـک، پراکتیـک، پرۆسـە...تاد.

ئەمـەش خەمخۆرییـە بـۆ زمانـی کـوردی و پەیـام و فەلسـەفەی دەقەکـەش نیشـان دەدات کە ئەگـەر خـەم لـە پاککردنـەوەی زمانـی کـوردی، یـان لـە بەکارهێنانـی وشـەی بیانـی بـەردەوام بیـن و زمانـی دایـک فەرامـۆش بکەیـن، وەک لـە خوێندنگـە و قوتابخانـە و زانکـۆ ئەهلییەکانـدا، زمانـی ڕەسـمی ئینگلیزییـە و هیـچ وانەیەکـی کـوردی تێـدا ناخوێنرێـت، بۆیـە دەرچـووی ئـەم زانکـۆ و پەیمانگـە و قوتابخانانـە، قسـەکردن و نووسینیشـیان بـە زمانـی کـوردی زیاتـر ئینگلیزییـە، بۆیـە چیرۆکنـووس پێشـبینی ئـەم داهاتـووە ترسـناکەی کـردووە و وەک تەنـز و پەیامێـک ئـەم چیرۆکـەی نووسـیوە.

چیرۆکنـووس خـۆی لـە قەرەی نووسـینی چیرۆکی پولیسـیش داوە، ئەگەرچـی لـە چیرۆکـی کوردیـدا، ئـەم جـۆرە چیرۆکـە هـەر نییـە، یـان زۆر کـەم دەبینـرێ، بـەڵام باهـۆز مسـتەفا سـەرکەوتووانە چیرۆکـی پۆلیسـی نووسـیوە و خسـتویەتییە نـاو ئـەم کۆمەڵـە چیرۆکـەوە، بـۆ نموونـە لـە کورتـە چیرۆکـی (خـەڵات قەدەغەیـە)دا، هـەر لە سـەرەتای چیرۆکەکـەوە، دوای تەواوبوونـی ڕێوڕەسـمی خـەڵات بەخشـین، پۆلیـس بـە نـاو هۆڵەکـەدا بـڵاو دەبنەوە. لێژنـەی خـەڵات دەگـرن، چونکـە خەڵاتێکـی بـێ بەهایـان داوەتـە نووسـەرێکی دیـار، ئەویـش لـە ماڵـەوە خەڵاتەکـە کـە لـە شووشـە دروسـت کـراوە بـە زەوی دادەدا و دەیشـکێنێ، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی شـکانی هـەردوو دەسـت و قاچێکـی و دەم و چاویشـی بـە سـەختی برینـدار بـووە، چونکـە بەهـۆی شـکانی شووشـەکەوە بەربووەتـەوە. ژنـی مامۆسـتاش دەمـاری سـەرەکی پێـی ڕاسـتەی بـڕاوە و تووشـی خوێـن بەربـوون بـوو. هەمـوو گێڕانـەوەی ئـەم ڕووداوانـەش بـە تەکنیکـی ناوونیشـانی لاوەکـی کـە لـە نـاو کورتـە چیرۆکەکـەدا دایـناون و نـاوی نـاوە (ناوەڕۆکـی ڕاپۆرتـی پۆلیـس) بـە دیـار دەکـەوێ، ئەگەرچـی ئـەم کورتـە چیرۆکـە چیرۆکـی پۆلیسـییە، بـەڵام تێکـەڵ بـە تەنـزی کـردووە.

لـە چیرۆکـی (زەنگ)یشـدا، کـە کورتـە چیرۆکێکـی پۆلیسـییە، باسـی ڕووداوی پۆلیسـی دەکات، ئەمیش مەسـەلەی بەسـەردادان و ئۆتۆمبێـل ڕفاندنـە لـە لایـەن داعشـەوە.

لـە چیرۆکـی (ئایدن)دا، کـە چیرۆکێکـی درێـژی ئـەم کۆمەڵـە چیرۆکەیـە، چیرۆکنـووس چیرۆکێکـی تەنزئامێـزی پۆلیسـیمان بـۆ دەخاتـە ڕوو، کـە کەسـێتی سـەرەکی چیرۆکەکـە (ئـازا) بـە تەنیـا لـە ئەڵمانیـا دەژی. نەخـۆش دەبـێ و دوکتـۆرەکان پێـی دەڵێـن ئایدزتـە. دەیـەوێ خـۆی بکـوژێ،

بەڵام دوایی بیر لەوە دەکاتەوە، کە کارێک بکا و بگیرێت، بەهۆی برادەرێکییەوە دەمانچەیەک پەیدا دەکات، بانقێک دەبڕێ، دوایی ڕادەکاتە لای سۆرانی برادەری لە بەریتانیا. بەو پارەیەی دزیویەتی، دەیەوێ چارەسەری خۆی بکات کە چارەسەری ئایدزیش گرانە. لە پشکنینێکی پزیشکیدا دەردەکەوێ کە ئایدزی نییە و تاقیگەی پزیشکی ئەڵمانیا هەڵەی کردووە. لە خۆشییان دڵی دەوەستێ، ئەمەش پارادۆکسێکمان نیشان دەدات کە دەیەوێ پێمان بڵێ مەرج نییە مرۆڤ بە نەخۆشی بمرێ، ئەوەتانێ ئازا دوای ئەوەی دەرکەوت ئایدزی نییە، لە خۆشییان مرد.

ئەم چیرۆکە تێکەڵەیەکە لە چیرۆکی ڕیالیزمی، پۆلیسی، تەنز کە چیرۆکنووس بە زمانێکی سادەی سەرکەوتووانە تێکەڵی یەکتری کردوون و تێمەیەکی جوانی لێ بەرهەم هێناوە.

چیرۆکی (کێ ئەفسەری لێکۆڵەری کوشت؟)یش کە چیرۆکێکی درێژە تەواو چیرۆکێکی پۆلیسییە. کەسێتییە سەرەکییەکانی کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکەکان بە زۆری کەسی ڕۆشنبیر و دەستەبژێری ناو کۆمەڵگەی کوردەوارین، بەتایبەتیش بەشی هەرە زۆریان، یان چیرۆکنووس خۆیەتی، یانیش نووسەری ترن و چیرۆکنووس بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) گوزارشتی لێ کردوون. بۆ نموونە کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکەکانی: شەڕی ناو کتێبخانەکەم، پۆرترێتی نووسەرێک، قاوەخانەی بەلزاک، خەڵات قەدەغەیە، جومعە، چاپکردنی کتێب، دادپەروەری، دەستنووس، قەبردز، سووپی زانست، ڕۆژانە چیرۆک، بابەت، ئازاد گوێ دەگرێت، نووسەری گەورە، چیرۆک، کتێبخانە، کەسێتی سەرەکی چیرۆکەکان هەموویان نووسەرن، لە بواری نووسینی جیاجیاوە. لە کورتە چیرۆکی (شەڕی ناو کتێبخانەکەم)دا چیرۆکنووس لەگەڵ، شاعیر و زانایانی کوردی وەک: بابا تاهیری هەمەدانی و هێمن و ئەحمەدی خانی و زامدار، قسە دەکات و دەبنە کەسی گرنگی ناو چیرۆکەکە و گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات. لە کۆتایی چیرۆکەکەشدا پارادۆکسێک دروست دەکات کە ژنەکەی دوژمنی کتێبە، بە ئاگای دێنێتەوە و گلەیی ئەوەشی لێ دەکا کە ئەو لە خەون و خەویشدا هەر لەگەڵ کتێب و نووسەرانە، ئەمەش نیشاندانی حاڵی نووسەر و هێمایەکیشە بۆ بیرکردنەوەی نووسەران و شاعیرانی کورد لە خەمی میللەتی کورد و خەونی ئازادیی کورد، ئەم شێوازە نووسینە ئەوەندەی من ئاگاداربم بەم تێکەڵکردنی واقیع و تەنز و کردنی شاعیر و نووسەرانی کورد بە کەسێتی چیرۆک، نەکراوە و لە ئەدەبی کوردیدا شتێکی نوێیە.

کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکەکانی وەک: چیرۆکەکانی دوکتۆر، هۆتێل لیندنە، جومعە، شەممە، یەکشەممە، دووشەممە، سێشەممە، چوارشەممە، پێنجشەممە، کۆڕەو، دوکتۆر، سواری فڕۆکەبە و خەڵک بناسە، خۆتەقاندنەوە، دوکتۆر لە سویسرا، هۆتێل کۆستانتس، کۆلۆمبۆ، کودەتا، لەنجە پێیان دەگوت نارنج، کۆنترۆڵی جۆری، ژیانی پەنابەری، دڵپیسی لە ئەوروپا، تەنیایی، فەخە شوعی، سەروەر، ماڵەکەم نیشتمانمە، دووڕوو، مۆزەمبیق، دوکتۆر بە لە گیانی، ئەمانە کەسێتییە سەرەکییەکانیان بریتین لە: دوکتۆری پزیشک و دوکتۆری خاوەن بڕوانامە و ڕۆشنبیر و مامۆستای وانە.

کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکەکانی: ئەرێوەڵڵا دیتی سبەی یەکەم ڕۆژی جەژنە، مامۆستا عەبدولحەکیم و شۆڕشی ئۆنلاین، کەسێتی سەرەکییان مەلایە.

کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکەکانی تریش

زۆربەیـان ڕیالیزمیـن و تەنزئامێـزن و بابەتـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ئابـووری دەگرنەخـۆ و کەسـێتییە سـەرەکی و لاوەکییەکانیشـیان بریتیـن لـە کەسـانی ئاسـایی نـاو کۆمەڵـگـەی کـوردەواری و ئاسـتی بیرکردنەوەیـان لێکتـر جیـاوازە.

هەندێـک لـە کورتـە چیـرۆک و کورتیلـە چیرۆکەکانیشی کەسێتی سـەرەکی و لاوەکییەکانیـان بریتیـن لـە ئـاژەڵ و گیانـدار و بـە زمانـی ئـەوان چیرۆکەکان دەگێڕێتـەوە و هەندێک جار چیرۆکنووس لەگەڵیشیاندا دەدوێ و چەشنی مرۆڤ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکات، ئەمـەش لـە چیرۆک و ڕۆمانی دنیا و وڵاتانی دەوروبـەر، تەنانـەت چیرۆکی کوردییشـدا هەبـووە و هەیـە.

بـۆ نموونـە لـە کورتـە چیرۆکـی (مانگایەکـی پەناهەنـدە لـە سویسـرا)دا چیرۆکنـووس باسـی مانگایەکمـان بـۆ دەکا لـە ئەنجامـی پرسـیار و وەڵام، مانگاکـە چیرۆکـی خـۆی دەگێڕێتـەوە کـە لـە کوردسـتانەوە بـۆ سویسـرا هەڵاتـووە و بـە ڕەچەڵەکیـش لـە ئۆرۆگـواوە بـە کوردسـتان فرۆشـراوە کـە لەگـەڵ مانگاکانـی تـردا (٥٠٠) مانـگا بوونـە، دوایـی وردە وردە کـەم بوونەتـەوە. ئـەم مانگایـە داوای پەنابـەری لـە سویسـرا دەکات، چونکـە لـە کوردسـتان وەک سویسـرا ڕێـزی لـێ ناگیـرێ و دایکیـان لـە پێـش چـاوی ئـەو سـەربڕیوە، بۆیـە هەڵاتـووە و داوای ژیانێکـی خـۆش لـە سویسـرا دەکات، چونکـە لـەوێ مافـی ئـاژەڵ هەیـە و ڕێـزی لـێ دەگیـرێ و ژیانێکـی خـۆش دەژیـن.

ئەوجا چیرۆکنـووس بەهـۆی گێڕانـەوەی مانگاکـە باسـی چەنـد چیرۆکێکـی تـری گیانـداران دەکات لـە کوردستان، بۆ نموونە کە باسی برینداربوونی خۆی دەگێڕێتـەوە، یـان ئـەم چیرۆکـەی دەزانیـن کـە لاقی لەلایـەن پاسـەوانەکەی (گاوان)ـەکەیەوە گوللـەی لـێ دراوە، بۆیـەش نەچووەتـە لای پۆلیس شـکایەت بـکات، چونکـە پاسـەوانەکە خـۆی پۆلیـس بـووە، ئەویـش واتـە مانگاکـە قـۆچ لـە باوکـی پاسـەوانەکە دەدات، چونکـە ویسـتوویەتی ئیغتصابـی (لاقـەی) بـکات، ئیتـر لـە ڕێگـەی ئاژەڵـەوە چیرۆکنـووس بـە شـێوەی تەنـزە چیـرۆک موعاناتـی ئاژەڵەکانـی کوردسـتانمان بـۆ دەگێڕێتـەوە، ئەمـەش نیشـاندانی جیـاوازی و ئاسـتی بیرکردنـەوەی کۆمەڵـگـەی ڕۆژئاوایـی و ڕۆژهەڵاتیمـان بـۆ دەخاتـەڕوو و جیهانبینـی دەقەکەمـان نیشـان دەدات.

لـە کورتیلـە چیرۆکـی (بیرەوەریـی جاشـکە کەرێک)یشـدا باسـی موعاناتـی خـۆی دەگێڕێتـەوە کـە چـۆن کەسـانی بێگانـە هاتوونەتـە گوندەکەیـان و دایکیـان بـە بـارەوە بـردووە و ئەویش تەنیـا لای خاوەنەکـەی ماوەتـەوە.

لـە کۆتایـی کورتیلـە چیرۆکەکەشـدا دەچێتـە لای خاوەنەکـەی، دەبینـێ دەگـری و بـە جاشـکە کەرەکـە دەڵـێ: غـەوارەکان چـۆن ماڵ و نامووسـیان بـردووە.

ئـەم کورتیلـە چیرۆکـە هـەم وەکـوو تەکنیـک کەسـی سـەرەکی جاشـکە کەرێکـە و هەمیـش دەربـڕی جیهانبینـی دەق و مانـای شـاردراوەی دەقەکەیـە، کـە لای کـورد ئاژەڵیـش قـەدری خـۆی هەیـە و خـاوەن مـاڵ بـە هـی خـۆی و نامووسـی خـۆی دەزانـێ، ئەگەرچـی لـە کارکـردن و مانـدوو کردنیشـدا تەخسـیری پـێ نـاکا و بـاری قورسـە.

لـە کورتـە چیرۆکـی (شـەڕابی سـوور شـوومە) دا، کـە چیرۆکێکـی تەنـزە، باسـی مەسـەلەی سـێکس و شـەڕاب و هەڵخەڵەتاندنی ئافرەتـان بـە نـاوی ئـەدەب و خۆشەویسـتییەوە دەکات، دواییـش وازیـان لـێ دێنـن. لـە دیالۆگی نێوان کەسـەکاندا چ ئافـرەت و چ پیـاو نـاوی کەسـێتی چیرۆکەکـە بـە هێمـای پیتـی ئینگلیـزی وەک: F ، Y ، X

داناوە، ئەمەش دیارە چ بە هۆی بزرکردنی ناوی ڕاستەقینەی کەسێتییەکانە کە چیرۆکەکە لەوانەیە واقیعی بێت، یانیش چیرۆکنووس بۆ مەبەستی تەکنیک و نوێکاری ناوەکانی بە پیتی ئینگلیزی داناوە، لە چەند کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکێکی ناو ئەم کۆمەڵە چیرۆکەدا، هەیانە تێکەڵە لە وەسف و گێڕانەوە و دیالۆگ، بەڵام زیاتر بایەخ بە دیالۆگ دراوە، هەیشە سەرتاپای گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە ڕێگەی دیالۆگەوەیە، بۆ نموونە لە کورتیلە چیرۆکی (ئاگایی)دا، کە یەک لاپەڕەی کتێبەکەیە، هەموو گێڕانەوەکە لە ڕێگەی دیالۆگی نێوان دوو کەسێتییە، بێ ئەوەی ناویان بێنێت.

لە کورتە چیرۆکی (شەڕابی سوور شوومە) دا، زۆربەی گێڕانەوەی چیرۆکەکە بەهۆی دیالۆگی چەند کەسێکەوەیە کە چیرۆکنووس لە پرسیار و وەڵامەکاندا (+ ،−)ی لە پێش داناوە، کەمێکیش لە گێڕانەوەکەی لە ڕێگەی بگێڕەوەی هەموو شتزانەوە بۆ بە یەکتر گرێدانی دیالۆگەکان لەم کورتە چیرۆکەدا بەکارهێناوە.

زمان لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا سادە و ساکارە و لە هەندێک چیرۆک و پەرەگرافدا، زمانی ئەدەبییە و بەم شێوە نووسینە نووسراوە کە بووەتە باو و چیرۆک و ڕۆمان و ئەدەبیاتی کوردی پێ دەنووسرێ. لە هەندێک چیرۆکیشدا تێکەڵەیەکە لەم زمانە ئەدەبییە و بن زاری هەولێر و دەوروبەری. لە هەندێک کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکیشدا، بە تایبەتی ئەوانەی بە تەواوی بە دیالۆگ نووسراون، گێڕانەوە تێیاندا بە بن زاری هەولێر نووسراون.

ناتوانین لە هەموو کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکەکاندا ئەوەندە نموونانە بێنینەوە، بەڵام چەند پەرەگرافێک دەکەینە بەڵگە، بۆ نموونە لە کورتە چیرۆکی (زەنگ)دا ئەم تێکەڵییەی زمانی ستانداردی نووسین و بن زاری هەولێر دەبینین، وەک دەڵێ: (شەشی بەیانی، دنیا هێشتان تاریک و ڕوون بوو، تەنیا جریوە جریوی کێشکە دەهات، چوار پێنج جار لەسەر یەک زەنگی دەرگا لێ درا، پاشان بە توندی لە دەرگاکەیان دا. شەو درەنگ خەوتبووم بە زۆر بەخەبەر هاتم، بە ڕوخساری خەواڵوو و پرچی پەرشوبڵاو چوومە حەوشە. شینە زەلامێکی ڕیشنی ڕەشئەسمەر، لەسەر دەرگا دیار بوو، بە دەست ئامازەی کرد دەمانچەیەکیشی لەناو دەست بوو، بە عەرەبی هاواری دەکرد ئەو دەرگایە بکەوە) (شەڕی ناو کتێبخانەکەم، ل٦٨).

لە هەندێک کورتە چیرۆک و بەتایبەتیش لە کورتیلە چیرۆکەکانیدا بە زمانێکی ئەدەبی پاراو، ئەو زمانە ستانداردەی کە نووسەرانی کورد پێی دەنووسن، نووسیویەتی، بۆ نموونە لە کورتیلە چیرۆکی (پێنج چیرۆک لە ناو یەک چیرۆک) دا دەڵێ: (بە گاڵتە جگەرەیەکم کێشا، بوومە جگەرەکێشێکی بێهاوتا. قومێکم لە حەشیشەدا، بوومە حەشیشەکێش. بە هەوەس درۆیەکم کرد، بوومە درۆزنێکی ناوازە. لەبەر خاتری برادەران دزییەکم کرد، بوومە گەورەترین دز. زۆر هەوڵم دا یەک جار بە بەرانبەرەکەم بڵێم تۆ ڕاست دەکەیت. نەمتوانی!) (شەڕی ناو کتێبخانەکەم، ل٣٠٩).

لە ناو دیالۆگەکاندا جیا لەوەی کە کەسێتی ناو چیرۆکەکان، بە زمانی ئاسایی ناو خەڵک، یان میللی دەدوێن و زۆربەشیان بە بن زاری هەولێر نووسراون، ئەمەش پێویستە و دەبێ دیالۆگ لە چیرۆک و ڕۆماندا وەک خەڵکەکە خۆی چۆن دەدوێن وەها بنووسرێ و

دیالۆگەکانیش لە ئاستی بیرکردنەوەی کەسێتی ناو چیرۆکەکان بەرزتر نەبێت، لەگەڵ ئەمەش لە چەندان کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکدا لە ناو دیالۆگەکاندا زمانی زبر و جوێن بەکارهاتووە وەکوو: سۆزی حیز، دەستت لە گونی مەلای، سەگباب، ناوی حیز، کوڕی سەی، قەحپەباب، بابە گەوادەکەت، خوشک و دایکی بە گان چووە، پیرەژنە قەحپە، کوڕی بیژی، قەحپەی گاندەر، خوشک و دایکی دەگێم، ئەو قوندەرە، ئەو قەحپەیە، سەی کوڕی سەی، خوشک قەحپە، دینحیز، قەحپەی کچی قەحپەی، مێشکت گام، هەی نێرەمووک، لەبەر حیز و گەوادان، ئەو قۆندەرە سەر گەورەیە، وەکی نێرەکەری، مەراقی لە قوونی ئامینەی دایە، تا خەتی قوونی، ئەو گەوادییە بە من ناکرێ، بێگانە سواری خۆی بکات، بە دەستێک ناو گەڵیان دەخوراند، وەک بەرازی سواری ئەوانە بووی، زینام لەگەڵ دایکی خۆم کردبێ... تاد.

ئەوەندەی من ئاگام لێ بێ، ئەو جوێن و قسە زبرانە لە دیالۆگی چیرۆکی کوردیدا زۆر کەم بەکارهاتوون، لە زۆر چیرۆکدا ئەگەر هەشبووبێت جوێنەکە، یان وشە زبرەکە بە شێوەی نوقتە (....) نووسراوە، بەڵام باهۆز مستەفا لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا ئەم کۆتە دەشکێنێ و دەیکاتە شتێکی باو لە چیرۆکدا.

بە شێوەیەکی گشتی زمان لە کۆمەڵە چیرۆکی (شەڕی ناو کتێبخانەکەم)دا، سادە و ساکار و بێ گرێیە و تێکەڵەیەکە لە نووسین بە زمانی ئەدەبی ستاندارد و بن زاری ناوچەی هەولێر، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەو زمانە ساکارە، بە مەبەستی گەیاندنی زیاتر و مەبەستی مۆدیلێکی تری نووسین، چیرۆکەکانی پێ نووسراوە و ویستوویەتی خێراتر و زیاتر بگاتە دەست هەموو خوێنەرێک نەک تەنیا دەستەبژێری ئەدەب.

بێگومان بۆ بەکارهێنانی زمان لە دەربڕینی ئەدەبیدا، بەتایبەتیش لە چیرۆک و ڕۆماندا لە لایەن توێژەر و تیۆریزانانی گێڕانەوەناسیدا دوو بۆچوون هەن، کە یەکێکیان لای وایە ئەدەب، بە تایبەتیش دەقی چیرۆک و ڕۆمان بەهۆی بنیاد و بەهێزی زمانەوە دەتوانرێ ببێتە دەقێکی جوان و پڕ چێژ و سەلیقە و دەبێ لە شێوەی گێڕانەوەی ئاخاوتنی زمانی گێڕانەوەی ئاسایی و شێوە هەقایەتخوانی جیا بکرێتەوە، لەمەشدا چیرۆکنووس پێویستی بە زمانێکی شیعری چڕوپڕ و پڕ لە ئیستێتیکا هەیە و بە لای ئەوانەشەوە، بە هێزیی چیرۆک، یان ڕۆمانەکە لە شیعرییەتی نووسینی دەقەکە و دابڕانە لە زمانی ئاسایی خەڵکی سادە، نموونەی ئەو چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانەشمان لە ئەدەبی کوردیدا زۆرن.

بۆچوونی دووەمیش لای هەندێکی تر لە توێژەر و تیۆریزانانی گێڕانەوەناسیدا ئەوەیە کە زمانی نووسینی چیرۆک، یان ڕۆمان مەرج نییە زمانێکی سەدا سەد شیعری و پڕ لە زەخرەفەی زمان و تەمومژی قورسی زمان و دەربڕین بێت، لای ئەوانە، شیعرییەتی نووسین مانای وانییە کە چیرۆکنووس، یان ڕۆماننووس بە زمانی شیعری، یان چەشنی دەربڕینی شیعری چیرۆک، یان ڕۆمان بنووسێ، بەڵکوو شیعرییەتی نووسین بە مانای چڕکردنەوە و هەڵبواردن و خەستکردنەوە و خۆ دوورخستنەوە دێت لە درێژدادڕی و وەسفی زیادە و دووبارەکردنەوەی دیمەن و پەرەگراف و ڕستەی نا پێویست، بەڵکوو ئەوەیە کە بۆ نووسینی ڕووداوێک، یان پەرەگرافێک، یان گێڕانەوەی دیمەنێک چیرۆکنووس، یان ڕۆماننووس بتوانێ بە کەمترین ڕستە و

وشە، یان بەهۆی بەکارهێنانی ئیدیۆمێکەوە خوێنەر لە دوورو درێژی و زیادەڕۆیی نووسین ڕزگار بکەیت و ماوەی خوێندنەوەی بۆ کورت بکەیتەوە، ئەمەش لە چیرۆکی کوردی دەیەی حەفتاکان و بەدواوە لەسەر دەستی حوسێن عارف و کاکەمەم بۆتانی و لەتیف حامید و سەدرەدین عارف و عەبدوڵڵا سەڕاج و محەمەد موکری و ڕەئووف بێگەرد و ڕەئووف حەسەن و دڵشاد مەریوانی و زۆر لە چیرۆکنووسانی دەیەی هەشتاکان و تا چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانی دوای ڕاپەڕینیش پەیڕەو کراو حوسێن عارف لە نووسینەکانی خۆیدا ناوی لەم کورتبڕییە نا (کورتکردنەوە و هەڵبواردن)، هەندێکیش ناوی تریان لێنا، توێژەر و چیرۆکنووسانی دوای ڕاپەڕینیش ناویان نا (شیعرییەتی نووسین).

من خۆم لەگەڵ بۆچوونی دووەمم، چیرۆک دەبێ بە زمانی ئیحا، گەیاندن و پەیامی نووسەر بگەیەنێت، بەڵام کورتکردنەوە و چڕکردنەوە هەبێت و زمانی نووسین با سادە و ساکاریش بێت، بەڵام قووڵ و پڕ مانا و دەلالەتئامێز بێت.

(باهۆز مستەفا)ش لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا هەر وای کردووە، چیرۆکە واقیعی و تەنزە چیرۆکەکانی ئەوە هیچ کە دیالۆگەکانی بە بن زاری هەولێر نووسراون، بەڵکوو لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیشدا ئەم تێکەڵییەی لە زمانی ستانداردی ئەدەبی و بن زاری هەولێر تێکەڵ کردووە، ئەمەش تایبەتمەندییەکی، یان شێوازێکی نووسینی تایبەت بە خۆی لە چیرۆکنووسینی، تەنانەت لە ڕۆمانەکانیشیدا دروست کردووە، بەڵام تا چەند سەرکەوتووە، ئەوە دەمێنێتەوە سەر بیروبۆچوون و دیدگای توێژەر و تیۆریزانانی گێڕانەوەناسی کوردی و هەمیش خوێنەرانی بواری گێڕانەوەناسی، بێگومان ئەمەش یەکلایی ناکرێتەوە، چونکە دەمێنێتەوە سەر میزاج و ئاستی تێگەیشتنی وەرگر- خوێنەر.

بێگومان زۆربەی چیرۆکەکانی ئەم کۆچیرۆکە، کە کورتە چیرۆک و کورتیلە چیرۆکی واقیعی و خەیاڵی و تەنز چیرۆکن و لە هەمووشیاندا توانایی و سەرکەوتنی پێوە دیارە. من لەلای خۆمەوە سەرکەوتنی زیاتری باهۆز مستەفا و توانایی بەسەر داشکانی زیاتری لە بواری تەنزە چیرۆکدا دەبینم، ناشڵێم هەر تەنێ تەنزە، یان ساتیرە چیرۆک بنووسێ، نەخێر لە هەموو بوارەکانی تریشدا سەرکەوتووە، بەڵام زیاتر باڵادەستی لە تەنز، یان ساتیر نووسیندا پێوە دیارە، ئێمەش لە چیرۆکی کوردیدا نووسەری ئەم بوارەمان هەن، بەڵام لە بوارەکانی تر کەمترن. هیوام بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاترە بۆ باهۆز مستەفا لە نووسینی هەموو جۆرەکانی چیرۆکی کوردیدا.

**ژێدەر:**

**باهۆز مستەفا، شەڕی ناو کتێبخانەکەم، کۆمەڵە چیرۆک، بڵاوکراوەکانی دەزگای فام، بێ ناوی چاپخانە، چ/١، هەولێر، ٢٠٢٥.**